# تا کۆتاییی 2007 ماددەی 58 بەتەواوی جێبەجێ دەکرێ!

سێو پێگەیی نەهاتن، کە لێمۆ زەرد بوو وەرن*

سیروان کاروانی

چەندین ساڵ لەمەوپێش بەر لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی لە لەندەندا، ئەندامانی ناو لایەنەکانی ناو ئەو ئۆپۆزیسیۆنە ئەوانەی ئێستا بە تێکەڵی حوکمڕانی عێراقی وێران دەکەن و کەس لەگەڵ کەس ڕاست نییە، لەسەر خاڵێک ڕێککەوتنیان بوو کە دوایە بوو بە بڕیاری ماددەی 58 کە بۆ هەموو شوێنە تەعریب کراوەکان دەهات نەک هەر کەرکووک و، بەو مانایەی هەوڵێک بێت بۆ نەهێشتنی شوێنەواری نەگریسی تەعریب و لەسەر ڕەزامەندیی هەموویان مۆر کرا و بەم دواییە هێدی هێدی لە دەستووریش بە نوقووستانی باسی لێوە کرا. ئەوسا هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لەسەر ئەو خاڵەدا نەبوو لەلایەن بەشداربووانی کۆنگرەوە، چونکە هیچ بوارێکی ئەنجامدانی نەبوو و کێشەی هەریەک لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن لەوە گەورەتر بوو.

هەر لەوساوە زۆری لەسەر گوترا و کەمی بۆ کرا، زۆری لەسەر نووسرا و کەمی لێ جێبێجێ کرا. دواشت لەسەر کێشەی کەرکووک و ماددەی 58 سەبارەت بەو شارە، ئەوە بوو سەرانی کوردیان بەوە ڕازی کرد کە تا کۆتاییی ساڵی 2007 ئەو ماددەیە بەتەواوی جێبەجێ دەکرێت و، ئەوانیش لە ڕێگای خۆیانەوە دەستیان کرد بە دروستکردنی بڕوبیانووی هەمەجۆر کە گوایە ئەمە وەختی دەوێ و سەددام و ڕژێمەکەی چەندین ساڵ لە تەعریب و تەعریبکاری بەردەوام بوونە، ئێستا وا بە ئاسانی ئەو هەنگاوانەی بەعس کوێر ناکرێنەوە و بەڵکوو دەبێ ئەوە کاری زۆری بۆ بکرێ تا ئەو شارە بگەڕێتەوە دۆخی جارانی.

ئیتر لەو کاتەوە برادەرانی ناو لیستی ئۆپۆزیسیۆن بەرەو جەمسەرێکی تر هەنگاویان گۆڕی و، تا ئێستا سەرانی سیاسیی کوردیش ناوە ناوە بە بڕێک چەک و تەقەمەنیی ڕاگەیاندنەوە کۆدەبنەوە و بە هەموو هێزی خۆیانەوە داوا لە بێدەرەتانانی خەڵکی کەرکووک دەکەن دەنگ بە فلان و فیسکە لیست بدەن، گوایە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاوارەکانی کەرکووک بگەڕێنەوە و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی عارەبە داگیرکارەکانی کەرکووک و شوێنەکانی تر ماڵ و حاڵی کوردەکان چۆڵ بکەن و بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کورد تێکڕا ئاسوودە بن. کەچی نەبینرا ڕۆژێک سەرانی کورد بتوانن جێبەجێکردنی یەکێک لەو بڕگانەمان بۆ بخەنە ڕوو، ئاخر بەو حیسابە بووایە، دەبووایە هەر لە پاش دوابڕیارەوە کار بەو ماددەیە بکرێ چونکە کۆتاییی 2007 زۆری نەماوە بۆ پرۆسەیەکی وا دوورودرێژ. ئەوان چۆن دەتوانن سەرنجی خەڵک بەلای خۆیاندا ڕابکێشن کە نموونەیەکیان لە ئەنجامدانی ئەو کارە بەدەستەوە نەبێ.

هەروەک دەبینن ئەوا خەریکە ساڵی 2005یش کۆتاییی دێ و لەو ماوەیەدا چەندین هەڵبژاردن و پێکهاتەی جۆراوجۆر کران و چەندین بەڵێنی گەورە بە خەڵکی کورد دران بەبێ ئەوەی هیچ یەکێک لەوانە جێبەجێ بکرێ. لەو ماوەیەدا بە هۆی سستیی لایەنە پەیوەندارەکانەوە زیاتر پاشەکشە لە داخوازییەکانی کورد کرا و تەعریب بە شێوازێکی نوێتر دەرکەوتەوە و مەترسیی تریش دوور نییە. هەروەک دەیبینن کە کورد نەیتوانی ئاوارەکان بگەڕێنێتەوە سەر ماڵ و مڵکی خۆیان، کەچی عارەبەکان ئەوانەی کە سەرەتا ترسان و هەڵاتن وا هێواش هێواش دێنەوە.

2005.11.28

*سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە.